# دیموکراسی یاخود نیمچە دیموکراسی

کوردی

دیموکراسی بریتیە لە دەربڕینی بیرو باوەری مرۆڤ بە شێوەیەکی ئازاد بەجۆرێک
تووشی هیچ ئازارو ئەشکەنجەیەک نەبێت لەلایەن ئەو دەسەلاتەی کە حوکمی ئەم شوێنە ئەکات بەلام لە هەمان کاتدا ئەم بیرو باوەرە نابێت ببێتە هۆکارێکی داپلۆسینی بیرو باوەری کەسانی تر
ئەگەر ئەمە مانای دیموکراسیەت بێت واتە قەت نەهاتۆتە کایەوە قەتیش نایەتە کا
لەبەر ئەوەی رۆژێک دانایەت هەموو کەس وەکو یەک بیر بکاتەوە
لەو وولاتانەی کە درووشمی دیموکراسیەتیان هەلگرتووە ئەمریکا و ئەوروپیەکانن
بەلام بازانین دیموکراسیەت لە ئەمریکا هەیە یان نا
لە رووی رۆژنامەنووسینەوە ئەمریکا زۆر ئازادە تەنانەت لە سەر سەرۆکەکانی خۆشیان ئەنووسن بۆ نموونە ئەو بەد کارەی کە کلینتۆن کردی لە گەڵ سکرتێرەکەی رۆژنامە نووسەکان رۆژانە بابەتیان لەسەر ئەنووسی و کاریکاتێریان لە سەر دەرئەکرد
بەلام ئایا سەرۆک لە ئەمریکا هیچی لە دەستە لە هەڵسورانی کاروباری سیاسەتی دەولەت
سەرۆک چوار ساڵ جارێک یاخود ئەتوانێ هەشت ساڵ حوکم بکات ئەگەر هەڵ ببژێردرێتەوە لەلایەن میللەتەکەی خۆی، بەلام هەرکەسێک بێتە سەر حوکم سیاسەتی ئەمریکا ناگۆردرێت چونکە بالەخانەی پێنتاگۆن وولات بەرێوە ئەبات هەربۆیە رۆژنامە نووسەکان زۆر ئازادن، بەلام کەس ناتوانێ هێزێک درووست بکات لە دژی سیاسەتی ئەمریکا
بەهەمان شێوەش لە ئەوروپا هەمان سیستەمە لە روانگەی سیاسەتەوە من ناتوانم رێژەیەک دابنێم تاوەکو بلێم سەدا چەند دیموکراسی هەیە لە دوونیا
بەلام ئەوەندە ئەتوانم بلێم نیمچە دیموکراسی لە جیهاندا هاتۆتە کایەوە
سەبارەت بە رۆژهەلاتی ناوەراست درووشمی دیموکراسی هەڵگیراوە بەلام پەیروکردنیان لە چوارچێوەی دیکتاتۆریەتە
ئەگەر لە مۆراکۆوە دەست پێ بکەین رۆژانە سەدان هاولاتی لە نەتەوەی بەرابەریەکان زیندانی ئەکرێن و بە درندەترین شێوە ئازارو ئەشکەنجە ئەدرێن
لە میسر و جەزائیر بەهەمان شێوە ئازار و ئەشکەنجە بۆ ئەوکەسانەیە کە بیرو باوری کۆمۆنیستیان هەیە یاخود دژی سیستەمەکەن
پێوویست ناکات باس لە تورکیا، سوریاو عێراق و ئێران بکەین چونکە خۆمان باشیان ئەناسین
لە پاکستانەوە تاکو چین یەکە لە دووا یەک دیکتاتۆریەت سیستەمی وولات بەرێووە ئەبات وە ئەگەر درووشمی دیموکراسیەتیان هەڵگرتبێ تەنها بە ناو هەڵیان گرتووە
ئیمرۆ لە کوردستانی ئازادا کە درووشمی دیموکراسیەت بەرز کراوەتەوە زۆر لە کەسان باس ئەوە دەکەن کە کوردستان لە رووی دیموکراسیەت لە هەموو شوێنێک باشترە
ئەوەی ئەم قسانە ئەکات ئەوا دوو بابەتی زۆر دوور تێکەل بەیەکتری ئەکات ئەلێن
لە پاش دەرکردنی سیستەمی عێراق ئێستا کورد بە ئارەزووی خۆی قسە ئەکات و دەیان گۆڤار و رۆژنامە بە زمانی کوردی ئەنووسرێ وە چەند حیزب و رێکخراو هەیە
بەلام کام حیزب و کام گۆڤار
کاتێک کە راپەرین کرا لە کوردستان بە یارمەتی حیزبەکان ئەوا حیزبەکان کورد بوون بۆیە ئێستاش خەلک لە کوردستان بە کوردی قسە ئەکات خۆ عەرەب نەبوون تاوەکو بێگارمان بکەن بە کوردی قسە نەکەین
قسە کردنمان بە زمانی شیرینی دایکمان هیچ پەیوەندیەکی بەو دیموکراسیەتەوە نییە کە یەکێتی و پارتی باسی ئەکەن

وه ئەو گۆڤارانەش کە بە کوردی ئەنووسرێن لە سەر بواری مێژووی یاخود بابەتی تر ئەمەش بەهەمان شێوە هیچ پێوەندیەکی بە دیموکراسیەت نیە چونکە لەو وولآتە دیکتاتۆرانەی کە لە سەرەوە باسم کرد هەزاران گۆڤار و ڕۆژنامەیان هەیە کە لەسەر مێژووی خۆیان نووسیویانەتەوە

تەنانەت حیزبی کارتۆنیشیان هەیە وەک حیزبە کارتۆنیەکەی حیزبی دیموکراتی کە لە بەغدا دائەنیشن

ئایا یەکێتی و پارتی لە ڕۆژنامەکانی خۆیان قەت ڕەخنەیان لێ گیراوە ئایا کەس زاتی ئەوە ئەکات لە هەولێر ڕەخنە لە مەسعود بارزانی بگرێت

بە هەمان شێوە کەس هەیە بتوانێ ڕەخنە لە خودی جەلال تالەبانی بگرێت

هیچ حیزبێک هەیە کە لەناوچەی دەسەلاتی ئەم دوو حیزبە بێت بتوانێ ڕەخنە بگرێت

کام دیموکراسی کە باسی ئەکەن

ئەگەر دیموکراسیەت هەیە با نووسینەکانی کاک حەمە سەعید و کاک پەرشێو بلاوبکەنەوە، من لەگەڵ ئەوە نیم ووشەی ناشرین لە ڕۆژنامە یاخود ئەنتەر نێت بلاوبکرێتەوە بەلام دەیان رەخنەیان نووسیووە کە ووشەی ناشیرنی تێدا نییە با ئەم نووسینانە بلاوبکرێتەوە

بەڵێ دەتوانی لە ڕۆژنامەی یەکێتی ڕەخنەی توند لە پارتی و مسعود بارزانی بگری بەهەمان شێوەش ئەتوانی ڕەخنەی توند لە جەلال تالەبانی بگری لە ڕۆژنامەی پارتی

من نالێم هیچ جیاوازیەک نیە لە نێو ئێستا و جاران وە ئەو کەسەی کە بلێت جیاوازی نیە ئەوا بێگومان خۆی گێل ئەکات

کورد ئێستای باشترە چونکە بە زمانی شیرنی دایکت ئەتوانی قسەبکەی وە دەیان ووشەی کوردی و هەزاران گوندی کوردستانمان بۆ زیندوو بۆتەوە ئەمە ڕاستیەکە کەس ناتوانێ نەکۆلی لێ بکات بەلآم هیچ پەیووەندەیەکی بە دیموکراسیەت نیە کە یەکێتی و پارتی باسی لێ ئەکەن

کەوا بوو یەکێتێ و پارتیش نەک دیموکراسیەتیان نیە بەلکوو نیمچەکەشیان نییە هەروەک وولآتەکانی تر

بەلآم هەقی خۆیەتی کە درووشمی دیموکراسیەتان پێ هەلْناگیرێ باسیشی مەکەن و هەقی خۆیەتی ناوی خۆشتان بگۆرن

سەبارەت بە پارتی پێوویستە لە کۆنگرەی داهاتوودا ناوی خۆی بگۆرێت بە

پارتی نیمچە دیموکراتی کوردستانی عێراق

بەلآم بۆ یەکێتی دەبێ چ ناوێک دابنرێت چونکە یەکێتی درووشمەکەی زۆر زلْ ترە لە پارتی یەکێتی باسی سۆشیادیمووکرات ئەکات و ئێستاش بۆتە عێراقی

چەند پێشنیارێک هەیە بۆ ناوی داهاتووی یەکێتی

یەکێتی عێراق و تورکیا

یەکێتی نیمچە سوشیالی نیمچە دیموکرات

یەکێتی عێراقی نیمچە سۆشیالی دیموکرات

بەراستی ئەم ناوانە لە ڕووی وێژەوانیەوە زۆر لاوازە هەروەک پەیرەوی یەکێتی و پارتی